# "ڕاگەیندراوی کۆنگرەی گەنجانی سەربەخۆ"

**بەناوی کوردستان، بەناوی شۆڕش، بەناوی شۆڕشی ژینا!**

شەقامە گڕگرتووەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان دۆخی ئاسایی خۆیان تێدەپەڕێن. دەنگی بەرزی لاوانی کوردستان، سەما و سروودی یەکڕیزی و پێ توند کردن لەسەر خاکێک کە ئیتر بڕیار نییە داگیرکەر تیایدا بحەسێتەوە. ئەمە دۆخی ئاسایی نەتەوەیەکی داگیرکراوە کە ئیتر باهۆی زەین و دەست و پێی لاوەکانی لە زنجیر و کۆت و بەندی داگیرکەر بەهێزترە و بڕیار دەدات مل بە ئاسایشی درۆیینەی دۆخی بندەستی نەدات و بڕیاری داوە داگیرکەر لە نیشتمانی هەزاران شەهیدی ڕێگەی ڕزگاری پاک کاتەوە. شۆڕشی ژینا شۆڕشێکە بەرەو خوڵقاندنی دۆخی ئاسایی لە کوردستانێکی ئازاد و سەربەخۆ و خاوەن سەروەریدا کە ئیتر داگیرکاری و کۆلۆنیالیزم تێکشکاوە و مرۆڤی سەرئازادی کوردستانی خەونی بەشداری لە ڕەوتی روو لە گەشەی ئەم جیهانەدا دەبینێت. بۆیە ئیتر شەقام نانوێ و پێ لەسەر تێکدانی هەمیشەیی ئاسایشی دوژمنی مێژینە خۆی دادەگرێت.

مل دان بە مانەوە لەژێر سەروەریی داگیرکەرانەی ئێراندا مل دانە بە تونا بوونی نەتەوەیەکی مێژوویی. هەژاری، برسێتی، پەراوێزخراوی، نەبوونی ئازادی و ئاسایش، ژێنۆساید و ئاسیمیلاسیۆنی زمانی و فەرهەنگی، بێ ناسنامە کردن، پارچە کردن و لە خۆ نامۆکردنی نەتەوەیی و بەگژ یەکدیدا کردنی کورد، سەرلەبەر بەرهەمی ناسەروەری و داگیرکراوییە. شۆڕشی ژینا بە پێشەنگایەتی ژنانی ڕاساو و سەروەریخوازی کوردستانی کۆتایی بەم دۆخە دێنێت.  لە شۆڕشی ژینادا ژن بریسکەی سەرەتا، دەستپێکەری سەرەتا و بزوێنەری بەردەوامی، بە ئەنجام گەیەنەری سەرەکی و بەدڵنیایی نەخشەڕێژی سەرەکیی داهاتووی کوردستانێکی ئازاد و مافپارێز و دیموکراتیک دەبێت.

داگیرکەرانی کوردستان تا بەر لە شۆڕشێ ژینا توانیبوویان ڕێ لە یەکانگیری و هەرەوەز و گەشەی کۆمەڵایەتیمان بگرن و ئیرادەی بەرەنگاریمان لاواز بکەن. پەکخستنی هەرەوەزی کۆمەڵایەتی پیلانی ڕاستەوخۆی داگیرکەران بووە بۆ پەرتەوازە کردنمان، ڕێ گرتن لە نەتەوەسازیمان، ڕێ گرتن لە دامەزراندنی بنخانەکان و پەیکەری دەوڵەتی سەربەخۆی کوردستان، بەڵام شۆڕشی ژینا جارێکی تر ئەم کلتووری هەرەوەزی کۆمەڵایەتییەی لە ناخی ژن و پیاوی کوردستاندا ژیاندەوە. کەسایەتیی ڕاساو و سەرئازادی ژنانی کوردستان بە هەڵدانی دروشمی جیهانهەژێنی "ژن، ژیان، ئازادی"، ڕەتاندنی داگیرکەر و چەسپاندنی سەروەریی نەتەوەیی و بە فەرمی ناسرانی نەتەوەیەکی بەم ڕادەیە ژنپارێز و ژیاندۆست و ئازادیخواز دەکاتە مەرج بەسەر ئاسایشی بەردەوامی جیهانەوە.

شۆڕشی ژینا، بە خاوەندارێتی لە خوێنی ڕژاوی ژینای کوردستان لە تارانی پێتەختی ئێرانی داگیرکەر بە دروشمی ڕاچڵەکێنەری "داگیرکەری ئێرانی، قاتڵی ژینامانی" و "کورد تا دەوڵەتی نەبێ، ئەمە هەر بەشی ئەبێ" لە گۆڕستانی ئایچی شاری سەقزەوە دەستی پێکرد بەڵام ئێستا لە کەم شاری ڕۆژهەڵاتی کوردستان هەیە خاک بە خوێنی گەنج و لاوی ڕاپەڕیو و سەروەریخواز سوور نەبووبێت. هەر بۆیە شۆڕشی ژینا لەڕێگەی خوێنی لاوەکانەوە خۆی لە خاک و نیشتمانی مێژینەی کوردستان گرێ داوە.

شۆڕشی ژینا، دەسەڵات و سەروەریی داگیرکەر بە فەرمی ناناسێ و وەک شۆڕشی ڕزگاری، سەروەری، سەربەستی و سەربەخۆیی و ئازادیی کوردستان هەتا بەرزکردنەوەی ئاڵای کوردستان لە گشت شار و گوند و دوند و ڕژدێکی کوردستان ڕاناوەستێت.

**ژن، ژیان ئازادی، سەروەری و سەربەخۆیی!**

**کۆنگرەی گەنجانی سەربەخۆ**

**١٥ی خەزەڵوەری ٢٧٢٢**

# مانیفێستی شۆڕشی ژینا؛ شۆڕشی سەربەخۆیی کوردستان

"شۆڕشی ژینا" وەک شۆڕشێکی نوێ لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان لە پاش کوژرانی "ژینا"ی تەمەن ٢٢ ساڵی کوردستانی لە شاری تارانی پایتەختی داگیرکەری ئێرانی بە دەستی پۆلیسی ئەخلاق لەپێناو پاراستنی ناوەندیترین بەهای سیاسی/ئایدیۆلۆژیکی دەسەڵاتی ئیسلامیی ئەو کۆمارە ئێرانییە، دەستی پێکرد و هەتا بڕینی دەستی ئەو ڕژێمە لەسەر خاکی ڕۆژهەڵاتی کوردستان بەردەوام دەبێت. شۆڕشی ژینا بەرزترین نرخە مرۆییەکانی هێناوەتە سەر زاری بە ملیۆنان ئازادی خوازی کوردستانی و ناکوردستانی و توانیویەتی سیمبولێکی جیهانی بۆ بەرگری لە ژیان بەرهەم بێنێت. زاڵ بوونی ڕەهەندی ژنانەی شۆڕشی ژینا سەلماندوویەتی دەتوانێ شۆڕشی سەرلەبەری مرۆڤایەتی بێت، بەڵام بە سەرنج دان بە تایبەتمەند بوونی پرسی مرۆڤ لە کۆمەڵگە جیاجیاکاندا دەشێ دەرکەوتە و ڕەوت و بەرئەنجامی ئەم شۆڕشە لە هەرکامیاندا بە جیاواز دەرکەوێت. هەر بۆیە بە مەرجی بە فەرمی ناسین و پاراستنی مافی سەروەریی نەتەوەکان ئەم شۆڕشە دەفرێک بێت بۆ خەباتێکی جیهانی لە دژی دیکتاتۆری و چەوساندنەوەی مرۆڤ.

ژن، بەتایبەتی ژنانی کوردستان کە خاوەندارانی سەرەکیی دەستپێک و بەردەوامیی شۆڕشی ژینان، سەلماندوویانە کە دەتوانن مەشخەڵداری ڕزگاریی نەتەوەکان لە داگیرکراوی، ئازادیی خەڵکە چەوساوەکان و هەروەها خوڵقاندنی جیهانێکی تر لە چەشنێکی تر بن.

کوردستان وەک کۆڵۆنییەکی جیهانی و ناوچەیی و بەتایبەت وەک کۆڵۆنیی دەوڵەتە داگیرکەرەکانی ئێران، ترکیا، عیراق و سووریا بە سەدان ساڵە داگیر کراوە، بەڵام لەم قۆناغە هەنووکەییەدا نەتەوەی کورد و تاکی کورد لەپێناو بەجێهێنانی ئەرکی ئەخلاقی، سیاسی و مرۆیی خۆی، دەنگی سەربەخۆییخوازیی خۆی بەرز کردۆتەوە و وەک هەموو نەتەوە خاوەن سەروەرییەکانی تری ئەم جیهانە خۆی بە خاوەنی مافی سەروەر بوون لەسەر خاک و نیشتمانی مێژینەی خۆی دەزانێت و دەزانێت تەنیا ڕێگای مانەوە و بەردەوام بوونی لە مێژوودا وەک نەتەوە، سەربەخۆیی و دەوڵەتی نەتەوەیی کوردستانە. هەستی کۆیی و ڕوونی نەتەوە بوون و خۆ پێناسەکردنی کورد وەک نەتەوە لە ناخی خۆیدا هەڵگری مافی بنەمایی ئەو بۆ سەروەرییە و هیچ پرۆژەیەکی سیاسی ناتوانێ لە سروشتی بوون و ڕەوایی ئەو مافە کەم بکاتەوە.

ژیانی چەندین نەوەی دوابەدوای یەکی ڕۆژهەڵاتی کوردستان لە دۆخی داگیرکراوی لەژێر دەسەڵاتی حکوومەتە تۆتالیتەر، دیکتاتۆر و دژە مرۆییەکان لە دوو قۆناغی پاش دامەزرانی دەوڵەت-نەتەوەی ئێرانیدا و هەروەها ژیانی ئەمێستایی لە چەرخی ئینفۆرماتیکدا، کۆمەڵگەی ڕاپەڕیوی ڕۆژهەڵاتی کوردستانی لەسەر بەئاکام گەیاندنی شۆڕشێ ژینا وەک شۆڕشێک بۆ تێکشکاندنی هەموو دیوارە سەختەکانی بەر دەم دیموکراسی، ئازادی و دادپەروەری و ئاسایش لە ناو سنوورە دان پێدرانراوە سیاسییەکانی کوردستاندا سوورتر کردووە.

"شۆڕشی ژینا" وەک بزاڤێکی سەربەخۆ و بە پێشەنگایەتیی ژنان و لاوان و نەوەی نوێی کوردستان لە ڕۆژهەڵات شۆڕشێک نییە لەپێناو سەرخستنی ئامانج و بەهاکانی "ئەویتر"ەکانی کوردستان بەڵکوو بزاڤێکی ڕوون و ڕاشکاو و نیشتمانپارێزە کە نەک کوردستان بە بەشێک لە قەڵەمڕەوی داگیرکەرەکانی نازانێ، بەڵکوو نا بە هەر هەوڵێکیش دەڵێ کە تەمای ساغکردنەوەی سەروەری و هێژمۆنیی داگیرکەر لەسەر خاک و خەڵک و ئامانج و مافە نەتەوەییەکانی کوردستانی هەبێت. لەڕاستیدا شۆڕشێ ژینا ئەم مەبەستەی تا ئەم چرکەیە بە خوێنی دەیان لاوی کیژ و کوڕی خۆی بردۆتە پێش و بەردەوام دەبێت.

شۆڕشی ژینا، ئیتر تەنیا ڕووداوێکی کوتوپڕ و بە هەڵکەوتی ئاپۆڕەی خەڵکی تووڕە لە داگیرکەر نیە بەڵکوو بزاڤێکی ڕێکخراو و کوردستانگیرە کە بەتەنیشت ڕاپەڕینی خەڵک و نەتەوەکانی تری بن دەستی ئێران لە پێناو مافە مرۆیی، سیاسی و کۆمەڵایەتییەکانی خۆیاندا، خۆ بە ئەرکباری تێپەڕاندنی ئەم دۆخە بە ئاراستەی بەرژەوەندیی گشتگیری نەتەوەیی کوردستان دەزانێت.

"شۆڕشی ژینا" بزاڤێکی دینامیکە کە جیا لە ڕووخاندنی دەسەڵات و هێژمۆنیی داگیرکەر لەسەر خاکی کوردستان، لەپێناو ئامادەکردنی بنخانەکانی دەوڵەتی نەتەوەیی و هەروەها بەرەوپێش بردنی پرۆسەی نەتەوەسازی لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان بە ئەرکبار دەزانێت.

**ژن ژیان ئازادی، سەروەری و سەربەخۆیی**

**شۆڕشی ژینا،**

**شۆڕشی سەربەخۆیی کوردستان**

**١٥ی خەزەڵوەری ٢٧٢٢**